# چوار رۆژ

# لەکوردستانی ئازاد دا

## 27، 28، 29، 1990/3/30

**د. موکەڕەم تاڵەبانی**

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)
سلێمانی ـ گەرەکی سەرچنار ـ 121
کۆلانی ـ 44
ژ.خانوو ـ 1

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

* **ناوی نامیلکە:** چوار رۆژ لەکوردستانی ئازاددا
27، 28، 29، 30⁄3⁄1990
* **نووسینی:** د. موکەڕەم تاڵەبانی
* **نەخشەسازی‌وبەرگ:** فەهمی جەلال
* **تایپ:** نیاز جەلال
* **چاپی یەکەم:** 2008 سلێمانی
* **تیراژ:** (1000) دانە
* **چاپ:** دەزگای چاپ‌و پەخشی حەمدی
* **ژمارەی سپاردن:** (2197) ی ساڵی 2008 ی وەزارەتی رۆشنبیری
* **ژمارەی زنجیرە:** (274)

لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک) ساڵی 2008

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بۆ یەکەم شەهیدی راپەڕینی 1991 بەختیاری نەمر پێشکەشە

د. موکەڕەم تاڵەبانی

# راپەڕینی جەماوەری کورد



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لەبەهاری 1991، راپەڕینێکی چەکداری لەسەرانسەری کوردستان رویدا، وە نەبێ ئەمە روداوێکی سەر دەستی بێت، بەڵکو بەرهەمی ئەم خەباتە دوورو درێژەی جەماوەری کوردو پلانی هێزە نیشتمانیەکان بوو، کە لەشکری بێشماری عێراق لەوێرانکردنی کوردستاندا بەخەڵکیان دەوت "ولك" کەچی لە"کوێت" بەرامبەر لەشکرانی هاوپەیمانان هەڵاتن‌و هەموو چەك‌و جبەخانەیەکی قورسیان بەجێهێشت.

لەم هەلەدا بەرەی پارتەکانی کوردستانی، داوایان لەجەماوەری کورد کرد، داوای مافی رەوای خۆیان بکەن. جەماوەر لەسەرەتاوە لەشاری سلێمانی بە مانگرتنێکی مەدەنی هەڵسان، بەڵام ئاسایشی حکومەتی بەعس ویستیان بە زۆرەملێ‌و چەك بەرهەڵستی ئەمە بکەن، ئیتر لەوە بەو لاوە کە جەماوەریش بە هێزی چەك رووبەڕوویان بوەستێ هیچ رێگایەکی تریان نەما. لەرۆژی 4 ئازاری 1991 جەماوەر لەشارۆچکەی خەبات، کە یەکێك بوو لەوانەی حکومەت لەپاش وێرانکردنی دێهاتی کوردستان،

مەکتەبی بیروهۆشیاری

دروستی کردبوو، جوتیارانی تێدا بەند کردبوو، راپەڕینو بۆ ئازادکردنی "خەبات"و یەکەم قوربانی ئەم راپەڕینەیاندا لەرۆژی 5ی ئازار شاری رانیە راپەڕیو لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت چەند کەسێکی کوشت. بەڵام جەماوەر هەموو دەستگاکانیان داگیر کرد.

هەر لەهەمان رۆژدا، ئۆردوگای حاجی ئاواو سەنگەسەر راپەڕینو حکومەت نەیتوانی بەرهەڵستی بکات.

لەرۆژی 6ی ئازار ئۆردوگای بازیانو باینجان بە راپەڕینێکی چەکداری هەموو دەسگاکانی حکومەتیان داگیر کرد.

لەڕۆژی 7ی ئازار جەماوەری سلێمانی بەراپەرینێکی چەکداری، زۆربەی گەڕەکەکانی شاریان ئازادکردو کاربەدەستانی حکومەت خۆیان لەقەڵای ئاسایشی گشتی حەشارداو هێزی پێشمەرگە داگیریکردو ئاگری تێبەردا لەهەمان رۆژدا کاربەدەستانی حکومەت لەهەولێر هەڵاتن.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

لە 8ی ئازار جەماوەری بەهاوکاری لەگەڵ هێزەکانی بەرەی کوردستانی، شارۆچکەکانی دوکانو عەربەتو هەڵەبجە نوێو ئەللاّییان ئازاد کرد.

لەرۆژی 9ی ئازار جەماوەر حاجی ئومەرانو شەقڵاوەو دەربەندیخانو کەلارو باوەنووریان ئازاد کرد.

لە 10ی ئازار، جەماوەری شارەکانی کفریو سەرقەڵاو قەرەنجیرو سورانی تەق تەقو ئاغجەلەرو رەواندزو دیانەو هەریرو باسترمەیان ئازاد کرد.

لە 11ی ئازار جەماوەری شاری هەولێرو قەزاو ناحیەکانیان ئازاد کرد. لەهەمان رۆژدا شارانی خانەقینو دوزو قوشتەپەو دارەتویان ئازاد کرد.

لە 12ی ئازار جەماوەری ناحیەی جبارەی کفریو لەشکرگای دارەمانی نزیك کەرکوكو دێی بەرلوتی ئازاد کرد.

لە 12ی ئازار جەماوەری میللەتو پێشمەرگەی شارۆچکەی ئاڵتون کۆپری لە (پردێ) جەلەولایان ئازاد کرد، هەروا جەماوەری شارانی دهۆكو زاخۆو ئامێدی

مه کته‌بی بیرو هۆشیاری

مێرگەسور ئاكرێیان ئازاد كرد. لە 14ی ئازار بەهێزی پێشمەرگە. جگە لەرێی كەركوك ـ تكریت، هەموو ئەو ڕێگایانەی كەركوكیان كۆنترۆڵ كرد.

لە 15ی ئازار شەڕی رزگاركردنی كەركوك دەستی پێكرد. هێزەكانی بەرەی كوردستانی لەپێنج قۆڵەوە بوو، رزگاركردنی كەركوك پێش كەوت كە لەرێگاكانی دوزو قادر كرمو چەمچەماڵو التون كۆپریو شوانەوە بۆ رزگاركردنی گەڕەكەكانی كورد. لەو كاتەدا حكومەت شانزە هەزار هاووڵاتی كوردی دەسگیركردو دوو دەستەیان ئیعدام كرد، كە بریتی بوو لە 70 كەس بەبێ دادگاییكردن.

شەڕی ئازادكردنی كەركوك لە 15ی ئازارەوە تاكو 20ی. شەڕی گەورە بۆ كۆنترۆڵكردنی فرۆكەخانەو لەشكرگای "خالد"و لە 20ی ئازار ئیزگەی رادیۆی كوردستان مزگێنی ئازادكردنی تەواوی شاری كەركوكی هەڵاتنی كاربەدەستانو عەلی حەسەن مەجیدی دایە میللەت. و هەموو بەڵگەنامەی كردەوەكانی حكومەت



مه کته‌بی بیرو هۆشیاری

كەوتە دەستی كوردان، كە لەبنكەی رێكخراوی كاروباری باكور (منظومة الشمال)دا بۆ پیلانی لەناوبردنی میللەتی كورد دانرا بوو. فەیلەقی پێنج بەسەربازو ئەفسەرو هەموو چەكیان تەسلیم بوو و بەدیل گیران، بەمە زۆربەی وڵاتی كوردستان ئازاد كرا.

بەرامبەر ئەم وەزعە سامناكە، بالیۆزی عێراق لەئیماراتی یەكگرتوو. ئەنور سەبری عەبدولرەزاق، لەلایەن جێگری سەرۆك وەزیرانو وەزیری كاروباری دەرەوە تاریق عەزیز هاتە لامو داوای كرد، كە رۆڵی خۆم، لەم كاتە ناسكەدا، بۆ تیماركردنی ئەم وەزعە ببینمو لەم بابەتەوە بیروڕای خۆم بگەێنمە (سەدام حوسێن). منیش ئەم نامەیەم بۆ نارد كە بەكورتی دەیخەمە پێش چاوی بەڕێزتان.

جەنابی سەرۆكی بەڕێز. زۆر جار رای خۆمم گەیاندە بەڕێزتان لەبابەتی پیلانەكانی دەوڵەتە بێگانەكانو بە تایبەت وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بۆ هاوتاكردنی هێز لەنێوان ئیسرائیلو وڵاتانی عەرەبو بە تایبەت عێراق.

مه کته‌بی بیروهۆشیاری

ئێستاش، لەپاش رووداوەکانی کوردستانو باشوری عێراق، ئەمریکا رێگا بەوە نادات لەعێراقدا حکومەتێکی ئیسلامی وەکو لەئێران دایە، دامەزرێتو هەروا دەوڵەتە هاوسێکان دژی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردین لەکوردستان - ئەوان دەیانەوێ رژێمی ئێوە نەك بە راپەڕینێکی جەماوەری، بەڵکو بە وەرگێڕانێکی سەربازی لەناو بەرنو حکومەتێکی سەر بەئەمریکاو بەریتانیا لەعێراقدا دابمەزرێنن.

زۆر پێویستە مرۆڤ چاوی بەسیاسەتو رەوشتی حوکمی لەکاتێکی وا گرنگدا بخشێنێتەوە. لەوەش پێویستر ئەوەیە کە زانستی دوورینەوەی خۆی بە ووردی بزانێت، ئەوەی با بچێنێت، گەردەلول دەدورێتەوە.

من وا دەزانم، ناوبردنی ئەم رووداوە بە "کردەوەی بەکرێگراوانو خائنان" لەبەرپرسیاری هەڵاتنە دەبێ ئەو پرسیارە بکەن، بۆچی ئەمە دژی ئێوە روویداوە بە پێچەوانەی ئەمە نەبوو، واتا بۆ چ جەماوەری میللەت شوێنی ئەوان کەوتو پشتی لەئێوە کرد؟!. چی ئەم دژانەی



مه کته‌بی بیروهۆشیاری

ئێوە دەبەستێتەوە بەیەکەوە. لەمانەدا بەرەی کوردستانی بە دانانی بەیانی 11ی ئازار قایل بوو، بەڵام دژی ئەو کردەوەیەی ئێوە بوو لەجێبەجێکردنی.

جەنابی سەرۆك... دەزانی ئیخلاسم بۆ میللەتو وڵات وای لێدەکردم کە رای خۆم زۆر بە ئاشکراو بێ پێچوپەنا بخەمە بەردەستان. بەیانی ئازار دەسکەوتێکی گەورەی کوردان بوو و دەبووە هۆی یەکێتی وڵات. بەڵام ئەو کردەوانەی ئێوە بووە هۆی ئەوەی کورد ئاوات دەخوازن، کە بگەڕێتەوە تاریکترین کاتیان، کە ئەم دەسکەوتەیان نەبوو بەڵام لەوڵاتدا سەرگەردان نەبوونی نە دێهاتیان روخابوو نە زەویوزاریان داگیرکرا وەنە پەنایان بۆ دەوڵەتە هاوسێیەکان دەبرد. بە چەکی کیمیاوی کۆمەڵکوژ لەناو نەدەبران. ئەمانە هەمووی لەژێر ئاڵای ئەم ئۆتۆنۆمییەی ئێوەدا روویدا. ئەو کوردانەی بەناوی ئێوەوە دەسەڵاتی کوردستانیان گرتبووە دەست، تەنها خەریکی رابواردنو گیرفان پڕکردنی خۆیان بوونو چاویان لەمەرگەساتی میللەتەکەیان دەپۆشی. زۆرجار جەنابتانم ئەگادار دەکرد.

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

من وا دەزانم ئەم رووداوانە بەیانی ئازارو حوکمی ئۆتۆنۆمی بەجێهێشتو قەد ئەم وەزعە ناگەڕێتەوە ئەوەی پێشوو... لەبەرئەوە وا دەزانم کە بەرەی کوردستانی لەکۆنگرەی موعارەزە لەبەیروت داوای جێبەجێکردنی بەیانی ئازاری کرد، لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا ناگونجێت. لەهەستی جەماوەری کوردەوە دوورە، واتا دەبێت بۆ چارەکردنێکی ئەوتۆ بگەڕێن، کە لەم وەزعەی ئێستادا بگونجێت. لێرەدا چارەیەکی تر هەیە، کە جارێکیتر نامانخاتە ناو گێژەنگەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئیتر واز لەسەر کوتکردنی سەربازی بێنن‌و مافی ئەوە بدەنە کورد، کە خۆیان چۆن هەرێمی خۆیان دەبەن بەرێوە. چ جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ حکومەتی بەغدا دەکەن، بەڵام ئەگەر سوورن لەسەر وێرانکردنی کوردستان‌و خوێن رشتن، ئەمە یارمەتی پلانی دەژمنانی دەدات کە عێراقیەکان یەکتر بکوژن‌و ئابووری خۆیان لەناو بەرن.

جەنابی سەرۆك... من وا دەزانم ئەم دەستورەی کە دەتانەوێ دایبنێن خراپترین دەستورە، لەمێژووی



مه کتەبی بیر و هۆشیاری

دەستوارنی عێراقدا. هیچ سنورێك لەنێوان دەستەڵاتی یاسادانان‌و دەسەڵاتی بەردن‌و دەسەڵاتی دادگادا نیەو میللەت پێی قایل نابێت‌و ئەگەر لەمەوپێش نەیدەتوانی بیروڕای خۆی بەجۆرێکی ئازاد دەربڕێت. ئێستا، وەکو دەزانم، بەتەواوی پشتی تێدەکات. هەروا ئەم فرە حیزبیەی کە ئێستا جاری دەدەن، دەبێتە دەسبەسەراگردنی حیزبی بەعس بەسەر حیزبانی ترەوە کە دەبنە حیزبێکی دەس هەڵبەس‌و کێشەی نەبوونی دیموکراسی هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوەو هیچ رێگایەکی تریان بۆ نامێنێتەوە لەوە بەولاوە ئەم رەگەنمە لابردن هەر چەند قوربانیشی بوێت.

جەنابی سەرۆك رێگام بدەنێ کە بە ئاشکراو راستگۆیی بۆ لەم گیروگرفتە دەرچون رای خۆم دەربڕم. ئەویش بەراستی ئیخلاص لەگەڵ موعارەزەی نیشتمانی، نەتەوەیی‌و دینیدا رێککەون. ئەمە هەرچەند کردەوەیەکی قورسە، بەڵام موستەحیل نیە. ئەگەر دان بەهەڵەکانیان بنێنن ومیللەت لەدانانی پیلانی داهاتوو وتیمارکردنی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بڕینی پێشوو بەشداری بکەن. سەردانەواندن بۆ میللەت کارێکی بێگەردەو شوورەیی نییە، ئەمە میللەت دەبەستێتەوە بەیەکەوە هەر کردەوەیەك بە پێچەوانەی ئەمە، لەمیللەت دوور دەکەونەوە ولاوازتر دەبن وپتر بۆ بێگانە سەر شۆڕ دەکەن. میللەتیش ئەمە قبوڵ ناکاتو هەوڵدەدات، کە خۆی ڕێگایەك بدۆزێتەوە لەوبارودۆخە رزگاری بکات.

ئەگەر ئەمە پەسەند دەکەن، داوا لەبەڕێزتان دەکەم:

1ـ فەرمانی راگرتنی شەڕ بدەن لەکوردستان.

2ـ وەستانی هەموو جۆرە کردەوەیەکی بێ یاسایی لەهەموو عێراقداو بەردانی گرتووەکانو بانگکردنی کۆچکەران بۆ گەڕانەوە.

3ـ بانگکردنی حیزبە موعارزەکان بۆ گفتوگۆو بەشداریان بۆ دانانی دەستورو ئازادکردنی مافی دیموکراسیو کاری سیاسی. ئەگەر ئەمانە لەپێش لەدەستچون، واتا لەپێش دانانی حکومەتێك کەموعارەزە رەزامەند بن لەسەری، رەنگە ببێتە هۆی چارەکردنی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

گیروگرفتەکانو ئەمەیش تەنها ڕێگایەکی راستە بۆ دەرچوونی لەگێژەنگەیە.

**لەگەڵ ڕێزمدا**...

**د. مکرم تاڵەبانی**

**بەغدا**، 1991/3/21

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەشەوی 21-1991/3/22 نامەکەم گەیشتە سەرۆك کۆمارو لەرۆژ 1991/3/24 وەڵامم وەرگرت کە لەسەعات (1) پاشنیوەڕۆ لەگەڵ جێگیری سەرۆك وەزیرانو وەزیری کاروباری دەرەوە تاریق عەزیز کۆببمەوە، قسە لەو بارەیەوە بکەین.

لەکاتی دانراودا مرافقی سەرۆك هاتە لام تاریق عەزیز، بەڵام من نەچوم، چونکە نامەکەم بۆ سەرۆك بوو لەگەڵ کەسیتر باسی ناکەم کە ڕەوانەی دەکات بۆ یەکێکی تر، ئەوە دەگەیێنێت کە زۆر لەسەری سورنیەو بایەخی بە بیرورام نەداوە. ئێوارە دووبارە هاتنەوە تکایان لێکردم، کە بچمە لای تاریق عەزیزو سەرۆك پێکەوە دەمانبینێت.

چومە لای تاریق عەزیز، پێی ووتم کە سەرۆك لەگەڵ هەموو بیرو ڕاکەمە، هەر پێکەوە چوینە لای سەدام حوسێن. داوای لێکردم تەقەلا بدەم بۆ کۆبونەوەیەك لەنێوان تاریق عەزیزو سەرکردەکانی بەرەی کوردستانی، لەکوردستان یان لەدەرەوەی عێراقو منیش بەشداری تێدا بکەم.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

داوام لێکرد شەڕ بوەستێتو ئەوانەی لەکەرکوك گیراون، نزیکەی (14) هەزار کوردن، ئازاد بکرێن، تا وەکو بتوانم ناوبژی بکەم. داوام لێکرد، لەرۆیشتنم بۆ کوردستان ئێستا چییان دەوێت؟ ووتی دوو شت، یەکەمیان، هەندێ مەسفای نەوتمان ماوە، لەنەوتی کەرکوك ئەوەندەمان بدەنێ بۆ بەکارهێنانی ناو وڵاتو دوومیان هەموو پێویستی وڵات بۆ کوتاڵو خوراك لەڕێگای دەولی لەتورکیاوە دێت ئەو ڕێگایەمان لێنەبڕن. ووتم بەسەر چاو، بەڵام منیش هەندێ بیروڕام هەیە دەیخەمە بەرچاوتان. ئەویش دەزانن موئامەرەی دەوڵەتە ئیستعمارەکان تەنها بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی ئێوە نیە، بەڵکو بۆ ئەوەیە حکومەتێکی سەر بەوان دامەزرێنێو بەرژەوەندیان جێبەجێ بکەن. ئێستا کورد دوو قەناعەتی هەیە، یەکەمیان ناتوانن مافی ڕەوایان وەرگرن تەنها بەهێز نەبێت.

دووەمیان ئێوە لەداهاتودا هەر ڕێگای کوشتنو وێرانکردن دەگرن، بەڵگەیش بۆ ئەمە دەسگیرکردنی چەند

مه کتەبی بیروهۆشیاری

هەزار کەسی بێگوناه لەکەرکوك. کەوابوو بۆ ئەوە، رێگای ئاشتی پاك کردنەوە بەوە دەبێت دەست لەشەڕو لەشکر ئارایی هەڵگری گیراوەکان ئازاد بکەن. بەمە، قسەم دەڕواتو دەتوانم بانگیان بکەم بۆ گفتوگۆی ئاشتیانە. ئەمەش ئەوە ئاسان دەکات، کە داواکانی ئێستاتان جێبەجێ بکرێت.

سەرۆکی بەڕێز، ئەم حکومەتەی ئێستا ئەوە ناگەینێت، کە رەوشتتان دەگۆڕنو بەرەو دیموکراتی دەچن، هەروا پێویستە ئەم دەستورەتان راگرنو بەڕاستی میللەت لەدانانی دەستورێکی دیموکراتی هەمیشەیی بەشدار بکەن. چونکە میللەت ئەم دەستورەی بە دڵ نیەو دەبێتە کۆسپێك لەڕێگای ئاشتیدا.

لەپاشان لەسەر ئەوە بڕیاردرا، کە بچم بۆ کوردستانو رێگا بۆ کۆبونەوەیەك لەنێوان سەرکردەکانی موعارەزەو تاریق عەزیز رێکخەم. داوام کرد ئۆتۆمۆبیلێکم بۆ ئامادەکەن، بەیداغێکی سپیو جهازێکی دەنگ گەورە کەرەوەی تێدا بێت، بۆ ئەوە بتوانم هەر لەدوورەوە



مه کتەبی بیروهۆشیاری

پێوەندی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بکەمو داوای رێکردنەوەم بکەم.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# بەرەو کوردستانی ئازاد



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

من ئەم دوو ووشەیەم هەزاران جار بیست، کوردستان..... ئازاد.. بەڵام لەهەمووو تەمەنمدا پێکەوە نەمان بینیبوو. ئایا کوردستانو ئازاد یەك بگرن چۆن دەبێ؟!

لەبەیانی رۆژی 1991/3/27، ئەفسەرێك لەئۆتۆمۆبیلێکەوە هاتە بەر دەرگامان، منیش خۆم ئامادە کردبوو (رزگار)ی برازاشم لەگەڵ خۆم دەبرد. ئەفسەرەکە ووتی من تاکو دوا سەنگەری سەربازی دەتان بەمو ئیتر خۆتان دەچن. ئەفسەرەکە، کە ئۆتۆمۆبیلەکەی لێدەخوڕی، لەرێگای بەغدا - تکریت - کەرکوك کەوتە رێ. هەر لەتکریت دەرچوین لەشکری گەورەی عێراق بەرەو کەرکوك دەچوو. بە ژمارە (250) تانكو (116) تۆپی گەروەو سەدان لۆری سەربازهەلگر بوون. لەمەدا دوو بیر دەکرێتەوە، یان لەوە دەترسن پێشمەرگە لەکەرکوك نەوەستنو بەرەو تکریت بەغدایش بێن، یان پیلانێکی سەربازییە بۆ داگیرکردنەوەی کەرکوك. هەیتا هەیتا ئەم لەشکرەمان بەجێدەهێشتو بەرەو پرۆژەی (حەویجە)

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

دەچوین. راستە ئەم لەشکرە پرچەك بوونو تێكشكاندنی لەووزەی، پێشمەرگەی كەم چەك نەبوو. بەڵام تانكو تۆپی بەبێ سەرباز ناجەنگن، سەربازیش ئەوەندە ماندو شروپڕ بوون لەناو لۆریەكاندا نوستبونو لاقیان شۆڕەی دەهات. من بیرم لەوە دەكردەوە، رەنگە پێشمەرگە پێش ئەوەی ئەمان خۆیان ئامادە بكەن، هێرش بەرنە سەریان، تێكیان بشكێننو ئەم هەموو چەكەیان دەس كەوێت.

گەیشتینە سەر پرۆژەی ئاوی كەركوك لە (حەویجە) لەپاڵ لێواری جۆگەكە (50) تانك پەنجا (دوشكا) ریزكرابوون لەهەردوو لای رێگاكەیش ژمارەیەكی زۆر موچەك هاوێژ (راجمان)و هەشت موچەكی گەورەی زەوی بە زەوی رێز كرابوون.

لەنزیكی جۆگەكەیش خێوەتێكی زۆر هەڵدرابوو ماڵو منداڵی ئەو عەرەبانەی لەكەركوك هەڵاتبوون هاتوچۆیان دەكرد. ئەفسەرەكەی كە لەگەڵماندا بوو ووتی: سەیر ئەم هاوڵاتییانەی، كەركوك، یاخیبووان دەریانیان پەڕاند. پێم ووت: من خەلكی كەركوكم ئەمانە خەلكی كەركوك نین،



مەکتەبی بیرو هۆشیاری

حكومەت كوردەكانی لەكەركوك كوچ پێكردوو لەباشوری عێراق ئەم عەرەبانەی هێنایە ئێرە، ئێستا كوردەكان گەڕانەوە جێی خۆیان ئەمانیان دەركرد.كابرایەك بە مۆڕەوە تەماشای كردم پێی سەیر بوو یەكێك لەلایەنی سەرەك كۆمارەوە نێردراوەو ئەم قسەیە دەكات.

گەیشتینە سەر پردی جۆگەكە، ئەفسەرێكی عەقیدی لێ بوو ووتی: قەدەغەیە، كەس ناڕوات. ئەفسەرەكەمان ووتی: ئەمە (موكەرەم تاڵەبانی)یە لەلایەن سەرۆك سەدام حوسینەوە نێردراوە. بەخێرهاتنی كردین ووتی: لیوا بارق دەیەوێ بتبینێو كەوتە پێشمان ـ لیوا بارق بەئەفسەرێكی دڵ رەقو خوێن رێژ ناسرا بوو. كەمپێكی كۆمپانیای دروستكردنی ئەم پرۆژەی ئاودانە بوو، هاتە پیرمانو ووتی: جنابی نائیب فەریق عیزەت دەیەوێ بتبینێو تەلەفۆنی بۆ كردو پێی ووت دكتۆر (موكەرەم) گەیشتو وا لام دانیشتووە. من دەمێ بوو پێوەندیم لەگەڵ (عیزەت دوری) زۆر خراپ بوو لەسەر راپۆرتی ئەمرۆ، كە نوسیبووی وەزیری ئاودێری بەئانقەست پرۆژەی كەركوك

مه کتەبی بیروهۆشیاری

دوا دەخات، چونکە دەزانێت ئێمە عەرەبی تێدا جێگیر دەکەین‌و منیان لەسەر ئەوە گوێزایەوە بۆ وەزارەتی (گواستنەوە).

ئەوەندەی پێ نەچوو عیزەت دوری خۆی‌و وەزیری بەرگری‌و سەرەك ئەرکانی جەیش‌و دوو یارمەتیدەری هاتن. عیزەت کە باوەشی پێمان کرد ووتی ئەم هەموو ساڵانە تۆڵە بەغدای و ئێمە یەکتر نابینین؟! ووتم: ئێمە لەیەك وەزارەت بووین‌و یەکترمان نەدەبینی، لەبەغدایەکی فراوان چۆن یەکتر ببینین؟!

من‌و خۆی‌و وەزیری بەرگری، چوینە ژورێك‌و لێی پرسیم پروگرامم چییەو چۆن دەچیتە هەرێمەکە. پێم ووت: بەم بەیداغە سپییە و مایکرۆفۆن، خۆم بە پێشمەرگە دەناسێنم‌و رێگام بۆ دەکەنەوە. لێرەوە تۆپیان دەگرتە گەڕەکی ئازادی لەکەرکوك‌و گەل، خانوو رووخاو زۆر هاوڵاتی کورد شەهید کرابوون، وەزیری بەرگری ووتی ئێرە ئاڵۆزەو دووریش نییە پێشمەرگە نەزانن‌و رێگات بۆ نەکەنەوە. چاکتر ئەوەیە دەتگەیەیننە دوا سەیتەریەی



مه کتەبی بیروهۆشیاری

خۆمان، لەڕێگای قادر کەرەمەوە بڕۆین. لەو رێگایانەی ئێمە پێشمەرگەی لێ نیە.

گفتوگۆیەك لەنێوان من‌و عیزەت دوری کرا، وتم: دەزانم تۆ هیچت بەدەست نیە، بەڵام وەکو دوێنێ مرۆڤ حەسیرێکیش بخاتە مزگەوتەوە خێری دەگات. جەنابتانیش هیچ نەبێت دوو قسەی خێر بکەن، من نامەم لە (جەلال تاڵەبانیەوە) بۆ سەرۆك کۆمار هێنا، زۆر ئیجابی بوو بۆ فەرامۆشیان کرد؟ من چەند ئامۆژگاریتانم کرد، بۆ چ بە لووت بەرزییەوە وەرتان دەگرت. ئەمە ئەنجامی ئەو لووت بەرزیەی خۆتانە.

ووتی: مسعود بارزانیش چەند نامەیەکی زۆر ئیجابی ناردو هەموو ئەو نامانەی کەتۆ بۆ سەرۆکت دەنارد دەمخوێندەوە، بەڵام لەم بابەتەوە هیچ دەسەڵاتم نەبوو.

لێی پرسیم چەند رۆژم پێدەچێت. ووتم: رەنگە چوار رۆژ، ووتی: کەوابوو لەرێگا موسڵەوە بگەڕێرەوە، چونکە لێرە شەڕ دەبێت دەچینە ناوکەرکوك. ووتم: من بە بەیداغێکی سپییەوە دەچمە هەموو کوردستان، ئێوەیش

مەکتەبی بیروهۆشیاری



مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەجیاتی شەڕو تانكو تۆپ بۆ ئاشتی بە بەیداغێکی سپی دەتوانن بچنە هەموو کوردستان، کە خۆتان ئامادە کردووە بۆ شەڕو وێرانکردنی، ئیتر من بۆ دەنێرن بۆ ئاشتی؟!.

ووتی: ئەوان نەدەبوایێ کەرکوك داگیر کەن.

فەرمانیدا چەند ئەفسەرو سەرباز تاکو رێگای قادر کەرەم پێشمان کەون. لیوا بارق بەبەرگی شەڕەوە، خۆیو چەند ئۆتۆمبیلێکی ئەفسەرو سەرباز پێشمان کەوتنو منو رزگاری برازاشم بە ئۆتۆمۆبیلەکەی سەرۆکایەتی کۆماری کەوتینە رێیو لەدوا سەیتەریەی حکومەت ئاگاداری کردن بۆ گەڕانەوە، رێگاکان بۆ بکەنەوەو گەڕانەوە بۆ حەویجە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# کەساسی میللەتی کورد هەر ماوە



مەکتەبی بیروهۆشیاری

هێشتا لەسەیتەرەکە بووین، دوو لۆری زیلی سەربازی هاتن، پڕ بوون لەژنو منداڵو پیاوی پیرو وەکو مەڕو ماڵات لەو دەشتە هەڵیان رشتن. ئەمانە لە (دوز)ەوە هێنرا بوون. دەبێت بەپێ بچنە ئاوەدانیەکی کوردستانی ئازاد، بەڵام دەبێ چەند کیلۆمەتر. بەبێ نانو ئاو ئەم رێگایە بدەنە بەر. تاکو دەگەنە قادر کەرەم؟ وا دیار بوو پیاوانی گەنج، یان چوبنە ریزی شۆڕش و یان لەلایەن حکومەتەوە بۆ کوشتنیان دەسگیر کرابوون. ئێمە لەیەکەم هەنگاودا ئەم پانۆرامایەی کوردستانی ئازادمان بینی. بەرەو قادر کەرەم کەوتینە رێ. ئەم هەرێمە تاکو قادر کەرەم پڕ بوو لەدیهاتی کورد، بەڵام ئێستا چۆلەکەیش تێدا نابینێت. مێژووی ئەم ناوچە عەشایەرییە پڕ بوو لەشەڕو پێکدادانی سەدان سواری تاڵەبانیو زەنگەنەو بەرزنجەو داوودەو جەباری... هتد. بە سەدان کوڕی ئازای لەمەرگ نەترس لەسەنگەردا بەسەدان کەس هەڵنەدەکەنران. ئێستا کشو مات، نەسوار، نەکوڕی ئازاو نە قەڵاکان هیچی نەماون. دێهاتەکان هەمووی لەهێرشەکانی (الانفال)دا

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لەگەڵ زەویدا تەخت کراوون، کوا ئەو پیاوە ئازایانە، کوا شێخ حەمیدی تاڵەبانی، کوا جاسم ئاغای زەنگەنەو (کوێخایەکی داودە). جانوەیس بەگی گل؟ کوا سەی محەمەدی جەباری؟ کوا فرودو قادر زلیخا. ئەمانە نەمان، ئێستا بارق لەم ناوچەیەدا بەبێ ترس دێتو دەچێت.

ئەم کەساسییەی ئەو میللەتەمان بەجێ هێشتو بەرەو قادر کەرەم چوین، دەشتێکی چۆڵو هۆڵو سروەی مەلیشی تێدا نیە. لەدوورەوە گومەتە رەنگ زێڕینەکەی شێخ حسینو شێخ حەسنی قەرەچێوارمان لێ دەرکەوت، بەڵام نزیکەی هەشتا کیلۆمەتر هاتبوین، وا ئێمە بە ئۆتۆموبیل، ئەم حەشاماتەی ژنو منداڵو پیرانە کەی دەگەن؟. وا بە تەما بووین داوا لەدانیشتوانی قادر کەرەم بکەین بچنە پیری ئەو دەرکراوانە وبتوانن بحەسێنەوە.

هاتینە قادر کەرەم، لەگومەتەکەی شێخانی قەرەچێوار بەولاوە هیچی نەماوەو روخێندراوە. ئەم شارۆچکەیە جگە لەشێخانی تەریقەتی قادریو گۆڕی دەروێشانو دەنگی دەفو زیکر، رۆڵەی تێکۆشەران وەکو شەهید شێخ



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

مارفی شێخ عەبدالکریمو حوسێنی برای شێخ برایمو شێخ حەسن شێخ محیە دینو شێخ عەبدو عەزیز بابا رسولو دەیانی تری تێدا پێ گەیشت.

لێرەدا مودیری ناحیە شەهید شاکر فەتاح بە یارمەتی ئەم کوردە تێکۆشەرانە رۆژنامەیەکی دەسنوسی رۆشنبیری دەردەهێنا. پیاوێکی لاوازی رەنگ زەرد هاتە لامان هەر دەیڕوانیە ناوی ئۆتۆمۆبیلەکەمان. ووتم: کەس لێرە نیە! ووتی: نەوەڵا هەرمن هەم، ووتم: بۆچی دەگەڕێیت! ووتی: بەڵکو خواردەمەنیتان، وەکو نانو هێلکە پێبێت؟. رەمەزان بوو، منیش بەڕۆژو بووم هیچمان پێ نەبوو بۆ ئەم پیاوە برسییو نەخۆشە. لەم تەکیەدا رۆژانە بە دەیان دەروێشو رێبوار نانیان تێدا دەخوارد کەچی ئێستا ئەم تەنها دەروێشی نۆکەرەی ئەم مەرقەدانە بۆ پاروە نانێك داماوە!. ئەو ئاوارانەی، کەس نازانێت چەندیان لەڕێگا لەبرسێتیو تونێتیدا دەمرن، چەندیان دەگەنە قادر کەرەم بەهیوای ئەوەوە لەتەکیەی شێخانی بەرزنجە بحەسێنەوە و ئیتر

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بخۆن، ئەی کە هاتنە ئێرە تووشی چۆن پەشیمانیەك دەبن؟!.

تاکو ئێرە، نە حکومەتو نە پێشمەرگەی لێ نەبوو. قادر کەرەممان بەجێهێشتو بەرەو بانی مەقان دەچوین. لەرێگا تووشی پەلێکی پێشمەرگە بووین. بەچەکەوە رێگایان لێگرتینو ئێمەش هاتینە ناویان، پیاوێکی بە تەمەن، وادیار بوو سەر پەل بوو، ووتی: لەکوێوە دێن؟ ووتم: لەبەغداوە. سەری سوڕماو بە رزگاری برازامی ووت: دابەزە ئەو سندوقە بکەرەوە. ووتم: نایکاتەوە. دەستی برد بۆ چەکەکەی ووتی: چۆن نایکاتەوە، تۆ کێی ووتم: من (موکەرەم تاڵەبانی)م ئیتر: ئەی بەخێر بێیت ، براگەورەمانی. کوڕێکی بچوکی 13 ـ 14 ساڵی کلاشینکۆف ووتی: باوە... ئەمە موکەرەم تاڵەبانییە.

ووتم: پێشمەرگەی بچوك، ئەگەر دونیا ببێتە پوشی ئارەزوو تۆ ببیتە ئاگر، دەتوانی تاڵە پوشێك بسوتێنی؟ باوکی ووتی: سەیری منداڵی مەکە زۆر ئازایە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

پێشمەرگەیەکی لەگەڵماندا نارد، لەرێگا ئوتۆمبیلەکەی پیروتی شێخ فازیل تاڵەبانی وەستا بوو خۆشیان لەناو سەوزە گیای بەهار دانیشتبوون، لەبەرئەوەی کەرکوك تۆپباران دەکراو شێرزاد تاڵەبانی نەهرۆی کوڕی بەر تۆپ کەوتنو شەهید کرانو گەلێك لەماڵانی گەرەکی ئازادی لەکەرکوك بە گوللە تۆپ وێران کرانو زۆربەی کوردەکان بەرەو چەمچەماڵ سلێمانی هاتن.

لەکەرکوك، پێشمەرگە زۆربەیان لەژێر فەرماندەی سەرۆکەکانیان نەما بوونو گەلێکیش لەچەکدارانی کوردی سەربە حکومەت (سرایا الدفاع الوطنی) کە کورد بە (جاش) ناویان دەبردن، پشتیان لەسەرکردەکانیان کردبوو هاتبونە ریزی پێشمەرگە، بەڵام وەکو دەڵێن، رەشو سپی تێکەڵ بوو بوونو نە بەجلو بەرگو نەیش بەڕەوشتو ئامانج یەکتریان نەگرتبوو لەژێر دەسەڵاتی فەرمانەدەیان نەمابوونو دەستیان کرد بووە راو روت کردن. نەك تەنها ماڵی عەرەبەکانی هەڵاتوو، بەڵکو لەدانیشتوانی

مه كته‌بی پیروه‌ۆشیاری

كەركوكیش، بەم كردەوانە زۆربەی جەماوەری كەركوكیان لەخۆ دوورخستبوون.

لەبانی مەقانەوە ئەم تێكەڵو پێكەڵیە دەبینرا. زۆربەی چەكداران بەبێ فەرماندەو بەبێ ڕێكخراوی هاتوچۆیان دەكردو هیچ پیلانو بەرگری لەناوچە ئازاد كراوەكان نەدەبینرا.

بانی مەقانمان بەجێهێشتو بەرەو سلێمانی دەچوین. بەدرێژایی ڕێگای وێنەكانی سەدام تێكدرابوونو ئاڵاو دروشمی پارتی كوردستانیەكان دانرابوو.

كاربەدەستانی بەرەی كوردستانی ئاگایان لەهاتنی ئێمە نەبوو. چومە ماڵی سەعید شەفیق بەگی خەزورمو لەگەڵ ئەودا چوینە بارەگای حكومەتی هەرێمی كوردستان. لەئیستعلاماتی بارەگا خۆمم پێ ناساندو داوام كرد گەورەترین كاربەدەست ببینم. بەڵام زۆر بە لوت بەرزییەوە ووتی: كاك عومەر فەتاح كۆبونەوەی هەیە، ناتوانێ بیبینێت. پێم ووت: لەبەغداوە بۆ كارێكی تایبەتی بۆ بینینی مام جەلالو كاك مەسعود هاتووم،



مه كته‌بی پیروه‌ۆشیاری

بەڵام سوودی نەبوو. لەو كاتەدا كاك سەلاحی شێخ ئەشرەف تاڵەبانی تێپەڕیو هاتە پیرمەوەو بردمیە ژورەكەی كاك عومەر فەتاحو منی پێ ناساند.

كاربەدەستی ئیستعلامات درۆی دەكرد عومەر فەتاح كۆبونەوەی نەبوو، تەنها ژمارەیەكی زۆر پرو پیرەژنی سلێمانی لێی ئاڵابوونو داوای (غاز)و نەوتیان دەكردو كاك عومەریش سەری لێشێوابوو نەیدەزانی چۆن بەرێیان بخات.

كاك عومەر لەگەڵم هاتو چوینە ژورێك كاك نێچیرڤان بارزانیو كاك فەرەیدون عبدولقادری لێ بوون. وا دیار بوو ژووری بەرەی كوردستانی بوو. مەبەستی هاتنمو پێویستی بینینی مام جەلالو كاك مەسعودم پێ ووتنو پیلانی حكومەت بۆ هێرش بردنە سەر كوردستانم خستە پێش چاویانو ئەوەی لەرێگاو حەویجە دیم پێیانم ووت: نێچیرەڤان بارزانی لەو باوەڕەدا بوو كەی دەتوانن هێرشی حكومەت تێكشكێنن. بەڵام ئەوانیتر پێویسیان بە لێكۆڵینەوە هەبوو.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەڵام ئەو لەشکرەی کە هێرشی دەکردە سەر کوردستان هەر ئەمە نەبوو، لەشکرێکی گەورەتر لەموسڵ بەسەرکردایەتی عەلی حەسەن مەجید ئامادە کرابوو بۆ هێرش بردنە سەر هەولێرو دهۆك.

بەجیهازی بێ تەل لەگەڵ مام جەلال پێوەندیان کرد کە هێشتا نەهاتبووە ناو کوردستانو ووتی: ئەگەر کارەکە پەلەیە با کاك موکەرەم بێتە دهۆكو ئەگەر نا، من سێ رۆژیتر لەسلێمانی دەیبینم. من پەلەم بوو، لەبەر ئەوە بڕیار درا لەگەڵ کاك سەلاح تاڵەبانی بچمە هەولێرو لەوێدا کاك کۆسرەت رەسوڵ علیو کاك نەوشیروانم بینیو پاشان رێکەوتین وەکو زانرابوو، لەشکری عێراق بەرامبەر هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی، بەشکستیان خواردو تێك چون، هەموو چەکە قورسەکانی لەگۆڕەپانی شەڕ بەجێهێشتو بڕێکی بۆ هاتەوە. ئەی ئەم هەموو چەکە قورسەی لەکوێ هێنا؟!

ئەم چەکانە لەناوچەی حەرامی نێوان هەردوو لەشکر بەجێ مابوو. ڕاپەڕینی باکورو باشوری عێراق لەئێرانەوە



مەکتەبی بیروهۆشیاری

هاتنە ناو عێراق. ئەمریکا نەیدەویست ئەم ڕاپەڕینە سەر بگرێت. لەپیلانی هاوپەیمانانیدا ئەوە نەبوو بێنە ناو عێراق. حکومەتی عێراقیش توانای ئەوەی نەمابوو دووبارە ناوچە ئازادکراوەکانی داگیر بکاتەوە. ئەمریکا رێگای ئەوەی دایێ کە ئەو چەکە قورسانەی بەجێمابوون هەمووی راکێشێتەوەو لەشکری عێراقی پێ چەکدار بکات. لەپاش تێشکاندنی ڕاپەڕینی شیعە لەباشور، نزیکەی 800 تانكو سەدان تۆپی قورسی هێنایە سەر کوردستان. قەدەغەکردنی فڕینی فرۆکەکانی لەشکری عێراق، ئەو ناوچانەی کە هێرشی لێوە دەست پێ دەکا، نەیدەکردەوەو دەیتوانی هەندێ فرۆکەی هەلیکۆپتەر بەکاربێنێت فرۆکە ئەمریکیەکانیش زۆر بەنزمی بەسەر هێرشبەرانی عێراق دەفڕین، بێ ئەوەی هەڕەشەی وەستاندنی شەڕ بکات، مام جەلال ڕاستی دەکرد پاش داگیرکردنەوەی کوردستان بە رۆژنامەکانی ووت: "ئەمریکا پاش ئەوەی شکستێکی سەربازی بۆ ئامادەکردین، ووتی: بچنە بەغدا بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ حکومەتی سەدام حوسێن".

مه كته‌بی بیروهۆشیاری

کاربەدەستانی بەرەی کوردستانی، لەپاش پێوەندی کردن لەگەڵ مام جلال کە لەسوریەوە هاتبووە زاخۆ، بڕیاریاندا من بچمە دهۆك و لەوێ بیبینم. کاك سەلاح تاڵەبانی و شالاوی کوڕی مەفرەزەیەکی پێشمەرگەیان لەگەڵم ناردو بەرەو هەولێر کەوتینە ڕێ.

جەماوەری میللەت لەخۆشی سەرکەوتندا بوونو هیچی تریان بە بیردا نەدەهات. وا دیار بوو سەرکردەکانی بەرەی کوردستانیش وایان دەزانی ئەم هێزانەی عێراق بۆ پاراستنو تەنها داگیرکردنی کەرکوك ئامادە کراوەو زۆر بە گەرمی خۆیان ئامادە نەدەکرد. هەرچەنێك لەناو شاردا پێشمەرگەیەکی زۆری لێ بوو، بەڵام بەرامبەر دوژمن سەنگەریان نەگرتبوو.

بوونی کاك سەلاح تاڵەبانیو مەفرەزەی پێشمەرگە بەس بوو، بۆ ئەوەی لەڕێگا رامان نەگرن، هەتا چوینە پێچەکانی چیای (هەیبەت سوڵتان) هیچ نیشانەیەکی شەڕی ڕاپەڕین نەدەبینرا. بەڵام لەپێچەکانی هەیبەت سوڵتان گەلێك تانکی سوتاوو تۆپی بەجێماو دەبینرا. هیچ



مه كته‌بی بیروهۆشیاری

کاتێك دووژمنانی کورد بەبێ نرخ نەیانتوانیوە بە هەیبەت سوڵتاندا تێپەڕن. مەگەر خوا بزانێت لەقوڵی مێژوودا چەند سوڵتان بۆ ئەم سوڵتانە بە هەیبەتە سەریان دانوانبێت.

بەڵام کوردەکان بۆ چ ئەم تۆپو تانکانەیان لەم پێچانە، بەبێ خاوەن بەجێهێشتبوو وکۆیان نەدەکردەوە.

لەهەیبەت سوڵتانەوە، بەناو شاری ڕۆڵە ئازای کۆیەدا بەرەو هەولێر چووین. هەولێر بە دروشمو ئاڵای سەرکەوتن رازبووەوە ـ لەومەیدانەی، کە بارەگای پارتەکانی بەرەی کوردستانی تێدا بوو، تانکێکی گەورە دانرا بوو.

لەبەر دەرگای بارەگای پارتی کۆمۆنیستی عێراقی دوو تۆپی هاوەن دانرا بوو، بە دەیان پێشمەرگەی پڕ چەك بارەگاکانیان دەپاراست. ئەوەی جێی سەرنج بوو، ژمارەیەکی زۆری سەربازە بەدیل گیراوەکانی عێراق بە ئازادی بەم بارەگایانەدا دەسوڕانەوە.

لەبارەگای پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە مایکرۆفۆن سرودی "ئەی ڕەقیب

مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەر ماوە قەومی کورد زوبان" دەوترا، کە کاتی بوونی پارتی هیوا لەلایەن شاعیری ناسراو یونس رەئوف (دڵدار)ەوە هونرا بووەوە، شەهید حوسێن عبدولکەریم بەرزنجی تەلحینی کرد بوو. لەبارەگای حیزبی شیوعیش سردوی "ئازادیخوازی کوردین ئێمەو شورەی پولاو بەردین ئێمە" گوێی پڕ دەکرد. هەر لەنزیکیەوە، لەبارەگای ئیسلامیەکان ئاوازی قورئان خوێندن دەبیسترا، هیچی توخنی ئەویتر نەدەکەوتو کوردستانی ئازاد جێگای هەموویان لێدەبووەوە. چووینە بەر دەرگای بارەگای یەکێتی نیشتمانی کوردستانو کاك سەلاح چوە ژورەوەو لەگەڵ کاك کۆسرەت رەسول عەلی هاتنو داوایان کرد دابەزمو ووچانێك بسێنمەوە.

تاکو ئێوارە لەبارەگای یەکێتی نیشتمانی کوردستان ماینەوەو ئەوان خەریکی رێکخستنی چونمان بۆ دهۆك بوون. من دەمتوانی لەرێگای ئاکرەوە بچم بۆ دهۆك، بەڵام چۆن کاك سەلاحو مەفرەزەی پێشمەرگە تێپەڕینم؟ بوونی پاراستنیش لەم بارودۆخەدا پێویست بوو.



شەو لەماڵی کاك محمد مەلا مەعسوم لەگەڵ نەوشیروان مستەفا کۆبومەوە. نەوشیروان دەیزانی حکومەتو لایەنگرانی پیلانی هێرشیان بۆسەر کوردستان داناوە. وادیاربوو پشتی بەتێکشکاندنی ئەم هێرشە قایم نەبوو. لەبەر ئەوە بەجەخت داوای لێ دەکردم بگەڕێمەوە بەغداو ئامادەیی گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتیان پێبگەێنم، بەڵام من هاتبووم مام جەلالو کاك مەسعود ببینمو بڕیارمدا لەگەڕانەوەم لەدهۆك بچمە لای کاك مەسعود کە لەهاوینە هەواری (سەلاحەدین) بوو.

لەم هاتنەم بینینی هاوڕێ عەزیز محەمەدو هاوڕێکانی زۆر پێویست بوو، چونکە ئەوان نە لەسەرکەوتندا لوت بەرزو نە لەمەترسیدا دەپۆشەکان راستی باردۆخو بەستیان لەوان تێدەگەشتم.

لەبەیانی رۆژی 1991/3/29 لەگەڵ کاك سەلاح تاڵەبانیو شاڵاوی کوڕیو چەند ئۆتۆمۆبیلێکی پێشمەرگە، لەرێگا (عشائر السبعة)وە دەچوین بۆ دهۆك، ئەم رێگایە زۆر دوور بوو، بەڵام چارەنەبوو. هەر لە (کەڵەکی یاسین

مه‌ كته‌بی بیروهۆشیاری

ئاغا = ئاسكی ئەكەڵەك)وە بەزێی گەورەدا پەڕینەوەو گوێمان لەنركەی تۆپ بوو. حكومەتو چەكدارانی ئەرشەد زێباری لەچیای (پێرس)ەوە ئەو ناوچەیان تۆپباران دەكرد. بە لێواری زێ بەرەو ڕۆژهەڵات دەچووین نوای هەڵهاتوین ئەو ناوچەیە دەركەوت، خۆو منداڵو مەڕو ماڵاتیان بەرەو زێ دەهاتن. كاك شاڵاو تاڵەبانی هان دەدات كە بەرگری بكەن وڵاتەكەیان بپارێزن. بەڵام بە چی؟ هیچیان چەكیان پێ بوو. پێشمەرگە لەو ناوچەیەدا نەبوون. ئێمە گوێمان نەدایە تۆپباران بەرەو ناحیەی عەشایر السبعة دەڕۆیشتین. ئەم ڕێگایە لەبیابان دەچوو لەڕێگاش هاووڵاتیان بە ئوتۆمۆبیلو لۆریو تراكتۆرو عەرەبانەو پێ بەرەو هەولێر هەڵدەهاتن. نە بەرگریو نەپارێزگاریو نە سەركردە، هیچ لەمانە نەدەبینرا، ڕێگا ئەوەندە قەڵەباڵغ بوو زۆر بەهێواش بەرەو ناحیە دەچووین.

گەیشتنە ناحیەی عشایر السبعة، جگە لەهاووڵاتیانی بەتەمەن، كەسی وای تێدا نەمابوو. ئیتر لەتۆپبارانی چیای



مه‌ كته‌بی بیروهۆشیاری

(پێرس) نەماندەتوانی بەرەو ژوور بڕۆین. وا دەردەكەوت هێرشی سەربازی حكومەت بەرەو هەولێرو بەرەو دۆكیش دەستی پێ كردبوو. ئیتر ڕێگای ئەوە نەدەما بەرەو دهۆك بڕۆین؟

چونیشمان بێ سوود دەبوو، چونكە مام جەلال نەیدەتوانی بگاتە ئەوێ. بەناچاری بەرەو هەولێر گەڕاینەوە. سەیریش ئەوە بوو من ئۆتۆمبیلی سەرەك كۆماری هاتبووم بۆ گفتوگۆ، كەچی لەهەولێر داوایان لێكردم ئیزگەیەكی رادیۆیان بۆ بەرمە دهۆكو سەندوقی ئۆتۆمبیلەكەی سەرۆك كۆماری ئیزگەی رادیۆی بەرەی كوردستانی تێدا بوو!.

بەرەو هەولێر بەناوی ئەو جەماوەرە هەڵاتووەدا دەهاتین. بۆ ئێوارە گەیشتینە هەولێرو چوینە ماڵی كاك محەمەدی مەلا مەعسوم. من بە ڕۆژو بووم. ئێوارە بارەگای حیزبی شیوعیو لەگەڵ هاوڕێیان لەسەر ئەم بارودۆخە گفتوگۆیەكی زۆرمانو كرد هەر لەوێوە چوینە لای كاك مەسعود بارزانی لەهاوینە هەواری سەلاحەدین.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئەو شەوە كۆبونەوەیەك كرا، منو كاك مەسعود بارزانیو هاوڕێ ئەحمدو كاك نەوشیراوان مستەفاو چەند كەسانیتر بەشداریان كرد، هێرشی حكومەت لەموسڵەوە بە سەركردەی عەلی حەسەن مەجیدو بەشداری ئەرشەد زێباری، بە 500 تانكو سەدان تۆپ، بەرەو هەولێرو دهۆك هێرشیان دەبرد، لەحەویجەوە، لەچەند قۆڵەوە بەهاوبەشی (موجاهیدینی خەلق) ئێرانی، بەئاسانی كەركوكیان داگیركردبوو. كە گەیشتبوونە ئاڵتون كۆپری (پردێ). شەو بروسكەییەكیان دابە بارزانی كە لەئالتون كۆپر 80 مجاهیدینی خەڵقیان ئەسیر كردووەو چوار كچیان تێدایە، ئەمیش وەڵامی دانەوە كە كچان ئازاد كەنو چەكدارانی موجاهیدین بیانهێننە هەولێر. هەموو بڕیاریاندا، من بەبێ ئەوە مام جەلال ببینم بە زوترین كات بگەڕێمەوە بەغداو ئامادەییان بۆ گفتوگۆ بگەیەنمە سەدام حوسین. هیچ ئامادەییەكی ئەوتۆیان بۆ شەڕی بەرگری رێكنەخستبوو. كاك مەسعود زۆر نیگەران بوو هەر داوای لێدەكردم كە بەزوترین كات بگەڕێمەوە



مەكتەبی بیروهۆشیاری

بەغداو چەند جارێكیش ئەوەی دووپات كردەوەو "ئێمە هەر لەبناغەوە ئەم شەرەمان هەڵە بوو".

جفرەیەكی جیهازی بێتەلیان دامێ، كە جیهازێك لەحكومەت وەرگرمو ئاگاداریان بكەم بۆ ناردنی نوێنەرانی بەرەی كوردستانی بۆ ووتووێژ.

شەو لەسەلاحەدین مامەوەو بەیانی رزگاری برازام لەڕێگا ئاسكی كەڵەكەوە بەرەو موسل چوین، چونكە عیزەت دوری پێی ووتم "لەكەركوك شەڕ دەبێتو من عەلی حەسن مەجید ئاگادار دەكەم رێگاتان بدات لەڕێگای موسەلەوە بگەڕێمەوە بەغدا".

هەر لەهەولێر دەرچووین بەرەو ئاسكی كەڵەك حەشاماتێكی زۆر، بە ئۆتۆمۆبیل، بە عەرەبانەو بەپێ، لەكوپرییەكە سەر زێی گەروە بەرەو هەولێر هەڵدەهاتن. ئەمانە، جگە لەپیاوی پیرو ژن مندالّ، گەلێكیش گەنجیان تێدا بوونو زۆربەشیان چەكدار بوون، هەرچەنێك ناوچەكە هەردە بوو دەتوانرا بەرگری بكرێت، بەلاّم هیچ پیلانێكی وایان نەبوو.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەبەغدا (سەلاح مەهدی عەماش) باسی شەڕی نێوان ئیسرائیلو عەرەبی بەکتێبێك نوسیبوو بە ناوی "رجال بلا رؤوس" واتا پیاوانی بێ سەر، وای دەووت کە لەوشەرانەدا گەلێك شەڕکەری کەڵەمێردو خەباتکەر هەبوون، بەلاّم سەرکردەیان نەبوو. من ئەو چەکدارانەم دەدیتو گەلێکیش موشەکی (ئار. بی. جی) یان پێبوو، ئەگەر لەسەر کوپریەکە دوو تانکیان تێشکاندایە، رێگای هێرشیان بەرەو هەولێر دەگرت. بەلاّم هەر کەسە، بەبێ سەرکردە لەگەڵ ئەو حەشاماتەدا بەرەو هەولێر دەهاتن. خوا هەڵناگری دەبێ ئەوەش بڵێین هەندێك رۆڵەی ئازا تەقەلایان دەکرد چەکداران راگرنو بەرگری بکەن. بەلاّم لەبەرئەوەی پێشمەرگەو کۆنە چەکدارانی حکومەت تێکەڵ بوو بوون، هیچ رێکخراوێکی شەڕکەران نەما بوو. بەڕاستی کارەساتێکی زۆر بە ئازار بوو. تانکەکانی حکومەتی بەعس بەسەر پردەکەی ئاسکی کەڵەکدا دەهاتنو گوللە بارانی خەڵکیان دەکردو خەلك دەکوژرانو زۆریشیان هەڵدەهاتن، زیرەی دایكو مندالاّن دەنگی تۆپەکانن داپۆشیبوو،



مەکتەبی بیروهۆشیاری

فرۆکەکانی ئەمریکاش بە نزمی بەسەر ئەم کارەساتەوە دەسوڕانەوە، وەکو پیرۆزبایی لەسەرکەوتنی عیزەت دوریو عەلی حەسن مەجید بکەنو سلاو بۆ هێزەکانیان بکەن وابوو.

ئێمەیش لەنێوانی ئەم حەشاماتە گیربوو بووین. نە دەمانتوانی بەرەو پردەکە برۆینو بەمایکرۆفۆن داوای رێ کردنەوەیان لێ بکەین، بەلاّم کێ گوێمان لێ دەگرێت!!و نەبێتە رێگەی چەرخەنەوەمان هەبوو بگەڕێنەوە هەولێر. لەوێش مانەوەو مردنی تێدا بوو. هەرچۆنێ بێت دەرفەتێکمان بۆ رێککەوت بەناو خوێنو لاشەی ژنو منداڵدا بچەرخێینەوە قت ئەوەشم لەبیر ناچێت دوو منداڵی ساوای 4 ـ5 ساڵیمان پەلەکێش کردە ناو ئۆتۆمۆبێلەکەمان، لەترساندا تەقەی دانیان دەهاتو دەلەرزین لەگەڵ خۆماندا هێنامان بۆ هەولێر.

شەقامو کۆلاّنەکانی هەولێر پڕ بوون لەهەلاّتوو پەنابەران بەدەیان مەڕو مالاّتیان لەگەڵ خۆ دەربازکردبوو سەریان دەبڕیو گۆشتەکەیان هەرزان فرۆش دەکرد.

مه کته‌بی بیروهۆشیاری

ترس‌و سامناکی به‌سه‌ر شاره‌کانی کوردستان باڵی راکێشا بوو، داخۆ ئه‌م سه‌ربازه به‌رته‌و خوێن رێژانه چی له‌م میلله‌ته بکه‌ن؟ هه‌موو خۆیان بۆ به‌ره‌و ئێران بۆ کۆچ ئاماده ده‌کرد. سه‌ر رزگار که‌ن ماڵ چی لێ دێت به‌جه‌هه‌نه‌م.

دیمه‌نێکی سه‌یرم له‌به‌رچاوه ئه‌ویش له‌هه‌ولێر چه‌کدارانیان ئاماده ده‌کرد، یان بۆ به‌رگری ویان بۆ رزگارکردنیان. یه‌کێك له‌کۆنه (مسته‌شاره‌کانی جاشه‌کان) که له‌کاتی راپه‌ڕین هاتبوو. رێزی پێشمه‌رگه، ئه‌وه‌نده گۆشتی پاروی حه‌رامی کردبوو نه‌یده‌توانی بچێته مه‌رسیدسه ره‌شه‌که‌ی. چه‌ند جار به‌م لاو به‌و لا سوڕایه تاکو توانی بچینه ئه‌و ئۆتۆمۆبیله‌که‌یه‌وه خه‌ڵکیش به‌ته‌ما بوو ئه‌مانه کوردستانیان بۆ بپارێزن!.

له‌هه‌ولێره‌وه له‌رێگای کۆییه‌وه به‌ره‌و سلێمانی هاتین بۆ ئه‌وه‌ی رێگایه‌ك بدۆزینه‌وه‌و له‌سه‌ر داوای به‌ره‌ی کوردستانی به زوترین کات بچینه به‌غدا. زۆر به‌داخه‌وه له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ئه‌مان به‌هێز بوون جه‌ماوه‌ر ئاماده‌ی



مه کته‌بی بیروهۆشیاری

خه‌باتکردن بوو، حکومه‌ت زۆر لاواز بوو، بیریان له‌به‌رهه‌ڵستی ئه‌م هێرشه نه‌ده‌کرده‌وه‌و په‌له‌ی چونه به‌غداو ووتووێژ له‌گه‌ڵ حکومه‌تیان بوو.

هاتینه سلێمانی‌و هه‌ر له‌قلیاسانه‌وه به‌ره‌و چه‌مچه‌ماڵ چووین چونکه بانزینمان که‌م بوو ده‌مانویست له‌چه‌مچه‌ماڵ بانزین بدۆزینه‌وه به‌ڕێگا هاووڵاتیان چه‌مچه‌ماڵ به‌ره‌و سلێمانی هه‌ڵده‌هاتن‌و هیچ دیمه‌نێکی به‌رگری نه‌ده‌بینرا. فه‌سڵی به‌هار بوو شه‌وانی سارد بوو هاووڵاتیان له‌م ده‌شته بڵاوبووبوونه‌وه، ئاگریان هه‌ڵکردبوو، که شه‌وی ساردی به‌هار به‌رنه سه‌رو نه‌یانده‌زانی چی بکه‌ن. له‌ڕێگا گه‌لێکی چه‌کدار به‌بێ سه‌رکرده‌و به‌بێ رێك‌و پێکی به‌ره‌و سلێمانی ته‌کانیان ده‌دا. ئێمه توشی دوو چه‌کداری موشه‌ك هاوێژی (ئار. بی جی) هاتین، یه‌کی هه‌شت موشه‌کی تانك شکێنیان به کۆڵه‌وه بوو، که‌چی نه‌ك بۆ پاراستنی ژن‌و منداڵان له‌دواوه بڕۆن، که‌وتبوونه پێشیان. هیچ گومانی نه‌بوو ئه‌مانه له‌و پێشمه‌رگه ئازایانه‌ی شۆڕش نه‌بوون. به‌ڵکو کۆنه

مه کته‌بی بیروهۆشیاری



مه کته‌بی بیروهۆشیاری

موچـەخۆرانی حکومــەت بــوون بەبــێ حکومــەت نــەیان دەتوانی بجەنگن. مـن رووم تـێکردن ووتم: "هـەی دارِزێـن بـەم موشـەکانە دەتـوانن چـەند تـانکێکی دووژمـن لـەکار بخەنو هێرشەکەیان راگـرن. کەچی ئێـوە لـەپێش ژنانـەوە هەڵـدەین!. ووتیـان چەمـچەماڵ توپبـاران دەکـرێ. ووتم وا ئێمە دەچینە ناو چەمچەماڵ.

بزانین چەمچەماڵ چی لێدێت. نەختێ غیرەت گرتنـیو لەگـەڵمان سـوار بـوون بـەرەو چەمـچەماڵ، بـەڵام هـەر لـەپاشماوەی هـەڵاتووان دابـەزینو بـەرەو دواوە گەرِانـەوە. ئێمـە بـەرەو چەمـچەماڵ چـووینو بەرِاسـتی تـۆپ بـاران دەکرا، بەڵام گوێمان نەداو چوینە ناو شـارەوە. شـار چۆڵو هۆڵ. بوو دووکانو ماڵان داخـرا بـوون، لێـرەو لـەوێ گوللـە تۆپ دەتەقی.

مه كتبه‌ى بيروهۆشيارى

# ئازایی به
# پیروگه نجی نیه



مه كتبه‌ى بيروهۆشيارى

چوینه ناو شاره‌وه، دوو پیاوی پیر لـه‌م تـۆپ بارانـه‌دا لـه لێـواره شــه‌قامیك دانیــشتبوان (ســێ رزكــان)یــان ده‌كــرد. به‌ڕاستی زۆرم پـێ سه‌یر بوو! و ئـه‌م گفتوگۆیـه‌مان له‌گـه‌ڵ كردن:

ـ مامه خوا قووه‌تتان بدا.

ـ خوا عافوتان كات.

ـ مامه بانزین ده‌س ده‌كه‌وێت؟

ـ مامه بانزینی چی، خه‌ڵكی هه‌موو هه‌ڵاتن.

ـ له‌به‌ر تۆپ باران!

ــ نـه وه‌ڵڵا.... خـه‌ڵكی سـوێی لـه‌تۆپ بـاران بووه‌تـه‌وه‌و له‌وه ترس نییه.

ـ ئه‌ی له‌به‌ر چی هه‌ڵاتن!

ــ دوو فرۆكـه‌ی كۆپتــه‌ر شــتێكی ســپی بــاران، خــه‌ڵك له‌كیمیاوی ترسا، كه‌چی بـۆ ترساندن بـوو، هـه‌ر گه‌چیان هاویشت.

ـ ئه‌ی ئێوه بۆ هه‌ڵنه هاتن؟

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ـ مامە گیان ئێمە هۆری حەیاتمان خواردووە تەنها هەمانەمان ماوە ئیتر لەچی بترسین!

ئێمە مانەوەمان لەچەمچەماڵ، سەرەڕای تۆپباران و نەبوونی بانزین بێ سوود بوو. بەنێوانی هەزاران ژن و منداڵ و پیر و لاوی چەکدار زۆر بە هێواشی ڕێگامان دەبڕی. ئەم چەکدارانە، بەبێ سەرکردە، بە جۆرێکی نارێك بەرەو سلێمانی دەهاتن. لەتاسلوجە چەند رۆڵەی ئازای پێشمەرگە، رێگایان لەچەکداران دەگرت، بۆ ئەوەی سەنگەر لەدوژمن بگرن و نەهێڵن لەچیای تاسلوجەوە تێپەڕن، بەڵام تەقەلایان بێ سوود بوو، چونکە زۆربەی ئەو چەکدارانە پێشمەرگە نەبوون. بۆ ئەوەی لەدەس پێشمەرگەکان خۆیان دەربازکەن، هەندێکیان بەتانیایان لەچەکەکانیان ئاڵانبوو بۆ ئەوەی خۆیان لەو پێشمەرگانە رزگار کەن.

ئێمە هاتینەوە سلێمانی. ئێوارە لەماڵی سەعید بەگ. چاوم کەوتە خەسرەو تۆفیق کە سەر بەپارتی بوو باسی بارودۆخی کوردستانمان کرد. بارودۆخی چی؟ پێشمەرگە



مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەنێوان خەبات و ساردو گەرمیدا، وەکو پۆڵا چوخت بوون و ئامادەی هەموو خۆ بەخت کردن بوو، بەڵام مووچە خۆرەکانی حکومەت کە هاتبوونە ناو شۆڕشەوە، وەکو لای حکومەت نە دڵسۆزی حکومەت و نە دڵسۆزی میللەتی کورد نەبوون، ئێستا، بەم تێکەڵ و پێکەڵییە، هێشتا دڵسۆزی میللەت نین و لەوە دەترسن حکومەت بێتەوەو تاوانباریان بکات و پێشمەرگەو پارتە کوردستانیەکانیش، بەم دەستوبردە ناتوانن بەهەستی نیشتمانپەروەری و خەبات پەروەردەیان بکەن هەر وەکوو دەڵێن، مردە بەڵاو زیندە بەڵا بوون.

لەخەسرەو تۆفیقم بیست کە مام جەلال لەرێگای ئێرانەوە گەیشتووەتە سلێمانی. ئێمە لەو کۆبوونەوەی (سەلاحەدین)دا داوامان لێکرابوو بە زووترین کات بگەڕێینەوە. بەغدا. ئاگادار کراین کە کاك عومەر فەتاح فەرمانی دا بانزین و چەند پێشمەرگەمان بدەنێ تاکو دوا سەنگەری خۆیان بەرێمان بخەن.

مه کته بی بیر و هوشیاری

شەو لەئێزگەی رادیۆی یەکێتیەوە بیستمان کە 300 رۆڵە ئازاکانی پێشمەرگە بە فەرماندەی کاك عومەر مولازم عومەر. لەو شەوەدا هێزەکانی حکومەتیان راوناوەو گەیشتونەتە قەراغی شاری کەرکوك. کەوابوو کێشەی بەرگری‌و پاراستنی خەڵك، رێکخستنی خەباتکەرانی پێشمەرگەو سەرکردەی ئازا بوو. نازانم بۆچ بیر لەوە نەدەکرا لەسەربازەکانی حکومەت لەبەر ماندویی توانای شەڕیان نەما بوو رەنگە زووربەیانیش ئامادەبوون لولەی چەکەکان بەرەو دەسەڵاتدارانی حکومەت وەرگێڕن. نازانم. وەکوو (جافرسانی) هەورامی ووتی: "حکومەت نەهێڵان شەڕ بکە بۆ"، ئێستاش (تدویل) کردنی کێشەی کورد لەبەرژەوەندی ئەمەریکاو هاوپەیمانانی یە ئەمەیش بە بەرگری‌و خەباتی رۆڵە ئازاکانی پێشمەرگە نابێت، بەڵکو، هەڵاتنی هەمووان ئەو ئاواتە دێنێتە دی! وەکوو مام جەلال چەند جارێك دووپاتی کردەوە کە "ئەمریکا شکستێکی سەربازی بۆمان رێکخست‌و ئینجا ووتی بچنە بەغدا ووتوێژ لەگەڵ سەدام حوسین بکەن"



مه کته بی بیر و هوشیاری

بۆ بەیانی بە هاوڕێی پێشمەرگەکان، بەرەو (مەقان) کەوتینە رێ. هێرشە ئازایانەکەی ملازم عومەر پێشمەرگەکانی‌و دوور خستنەوەی هێزەکانی حکومەت وای کردبوو، دانیشتوانی چەمچەماڵی بەرەو شاروچکەکەیان دەگەڕانەوە ئەم میللەتە ساڵە ها ساڵە لەم کێشەو بەردەیەدایە. دەتووت بۆ سەیران هاتبوون‌و ئێستا دەگەڕێنەوە.

لەڕێگای بانی مەقانەوە بەرەو قادرکەرەم دەڕۆیشتینە ناو قادر کەرەم، هەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە بوو.

مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

# چۆن له‌مردن رزگار بوو بووین؟!



مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

قادر كرم ته‌نها بنكه‌ی پۆلیس‌و گومه‌ته زێرینه‌كه‌ی مه‌رقه‌دی شێخانی به‌رزنجه‌ی تێدا مابوو. پێشمه‌رگه له‌پاش پاكردنه‌وه‌ی ئه‌و بنكه‌یه‌، تێدا جێگیر بوو بوون. له‌به‌رده‌م ئه‌و كۆشكه‌، له‌ناوی خۆڵدا گه‌لێك فیشه‌كی چه‌كی پۆلیس رژا بوو. بۆ یادگاری هه‌ندێكم لێی كۆكرده‌وه‌و هێنامه به‌غدا.

پێشمه‌رگه‌كان نه‌یانهێشت به‌سه‌ر پرده‌كه‌ی (ئاوه سپی)دا برۆین، ووتیان چه‌ند ئه‌ڵغامێكیان تێدا شاردووه‌ته‌وه‌، ده‌بێ بیانته‌قێنن، پرسیمان له‌كه‌یه‌كه‌وه ئه‌م ئه‌ڵغامانه‌ی تێدایه‌؟ ووتیان سه‌ربازه‌كان‌و پۆلیس هه‌ر هه‌ڵاتن، ئێره‌یان له‌غه‌م رێژ كردووه‌.

ووتم: ئه‌ی ئێمه چوار رۆژ له‌مه‌وپێش به‌سه‌ر پرده‌كه‌یا هاتین. ووتیان: خوا پاراستونی توشی نه‌بوون، ئه‌گه‌ر ئۆتۆمۆبیله‌كان به‌سه‌ریا برۆیشتایه‌، هه‌لا هه‌لا ده‌بوون.

چوون، وایه‌ریان به‌سته له‌غه‌مه‌كانه‌وه‌و ئێمه‌یان دوور خسته‌وه‌و له‌غه‌مه‌كانیان ته‌قاندو له‌پاش پشكنینی پرده‌كه رێگه‌یاندا ئێمه‌و پێشمه‌رگه‌كانی هاوڕێمان به‌سه‌ریا

مەکتەبی بیروهۆشیاری

تێپەڕین. چەند کیلۆمەترێك ڕۆیشتن، هێشتا سەنگەرەکانی پێشمەرگە لەسەری گردەکاندا مابوون، لەدووا سەنگەر دوعاخوازیان لێکردین‌و ئیتر دەچینە نزیکی سەنگەرەکانی سەربازی حکومەت. لەناکاو لەدوو سەنگەری دوواو پێشەوە دراینە بەر دەسرێژ گوللە بارانی سەربازەکان ئێمە وەستاین بەیداغە سپییەکەمان هەڵکردو گوللەبارانەکە وەستا. ئەفسەرێكو چەند سەربازێك هاتنە خوارێو هەواڵی لێرەدا بوونمانیان پرسی خۆم پێ ناساند ووتم من بەفەرمانی بەڕێز سەرەك کۆمار بۆ کارێکی تایبەت لێرەم و لیوا بارق ئاگادارە. پێکەوە چوینە سەنگەرەکە، ئەفسەرێك بە ڕوتبەی عەقید پێشوازی لێ کردین‌و لەپاش ناسینمان جێگیرێکی ئەفسەرێکی ئەفسەر (نائب ضابط) ێکی بەمۆتور سایکلەوە خستە پەشیمان‌و بە تەلەفۆنی بێ تەل ئاگاداری سەنگەرەکانی تری کردو تاکو شەقامی کەرکوك ـ بەغدا بەرێیخستنی‌و لەوێوە خۆمان بەرەو (دووز) چووین.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

دووز ئەفسەرێك ووتی دەبێ لەڕێگای تکریتەوە بچنە بەغدا، خۆمان پێ ناساندو ڕێگای داین بەرەو سلێمان بەگ دا بەرەو بەغدا بڕۆین.

لەدووریانەکەی سلێمان بەگو کفری، ژمارەکی زۆری (موجاهیدین خەلق)ی ئێرانی لێ بوو ژمارەیەکی زۆر تانكو زرێپۆشیان پێ بوو. یەکێکیان بە عەرەبیەکی شلۆق پرسی.

"من انتم الى اين تذهبوون؟" ووتم: دەرد.... ئەفسەری عێراق ڕێی داین تۆیەکی بێگانەی پەنا بەر ڕێمان لێ دەگرێت؟! کابرا واقی وورما ئێمە بەرەو بەغدا چووین‌و کوردستانی ئازادمان لەژێر مەترسی داگیرکردنەوەو تۆلەسەندنی لەشکری عێراق بەسەرکردەی عیزەت دوری‌و عەلی حەسن مەجید بەجێهێشت، بەڵکو بەزووترین کات بگەمە سەدام حوسێن‌و داوای ڕاگرتنی شەڕو دەست بەگفتوگۆ بکەم.

کوردستانم بەجێهێشت وەکو ئاو بکەیتە سەر بڵێسەی ئاگر. دەبێ ئەمجارە عەلی حەسن مەجید چۆن ئەنفالێکی

مه كته‌بی بیروهۆشیاری

تـری بەدەسـتەوە بێـت! ئـەی ئـەم ئازادییـەی کـە لـەکاتی بـەلاهاتنی حکومـەت وا بـە ئاسـانی دەسـکەوت هـەروا بـە ئاسانی لەدەس دەرچێت!

ئەگەر ئاوڕێك بدەینەوە، دەبینـی چـەند هۆیـەك رێگـای خنکاندی ئەو راپەڕینەی کردەوە:

1. ئەمریکا بەهیچ کلۆجێك نەیدەویست ئەو راپەڕینەی لەسنووری ئێرانەوە هاتە نـاو عێـراق، لەباشوورو لـەباکور، سـەرکەوێت. لەبەرئـەوە بـە هـەموو توانایـەوە پـشتگری لەحکومەتی سەدام حوسێن کردو ئەو لەشکرەی کە هەموو چەکی قورسـی بەجـێهێـشتو هـەلات، رێگـای کۆکردنـەوەی بۆ ئامادەکردو بەو چەکە بەجـێماوانە دووبـارە پـڕ چـەکی کـرد، کـە بتوانێـت راپـەڕینی باشـوورو بـاکوور سـەرکوت بکات.

2ـــ هـــەر لەســـەرەتاوە، بـــەرەی کوردســـتانی داوای لەجـەماوەر کـرد، کـە بەراپـەڕینێکی ئاشـتیانە بێنـە سـەر شـەقامەکانو داوای مـافی رەوای کـورد بکـەن. وای دەزانـی، لەدۆراندی شەڕو راپەڕینی شـیعە لەباشـورو رانمـان بـوونی



مه كته‌بی بیروهۆشیاری

هێزی سەربازی لەکشانەوەی لـەکویت، ئـیتر توانـای ئـەوەی نەماوە بەرهەڵستی راپـەڕینی جـەماوەرو داواکـاین پێـشێل بکات، لەبەرئەوە هێـزی پێـشمەرگە تـەنها لـەو جێگایانـەی، کە هێزی ئاسایشی حکومەت بەهێزی چەك بەرگریان کرد، پێـشمەرگە بـۆ بەرژەوەنـدیو سـەرکەوتنی جـەماوەر هاتـە نـاو کـۆڕی بەیـەك دادانو بـارودۆخی بـۆ جـەماوەر گـۆڕی. بەرەی کوردسـتان، لـەو بـاوەڕەدا نـەبوو، کـە جـەماوەر بـەو ئاسـانیەو بـەو پەلەیـە زۆربـەی شارەکانی کوردسـتان ئـازاد دەکات، هەرچەنێك بەرێکخستنی خۆپیشاندانو هـەڵکردنی دروشمی میللەت کەوتنە پێش جەماوەر، بەڵام کەللە رەقـی سەدامیانو ئـیتر سـەرکردەکانی بـەرەی کوردسـتانی مـاوەی ئەوەیان نەما بەو دەمـو دەسـتە، بـەرێوەبردنیو دەسـەڵاتی سەرانـــسەری کوردســـتان رێکخـــەنو حیـــسابی تەقـــەلای حکومەت بـۆ داگیرکردنـەوەی شارەکان نـەکردبوو. مـن کـە چوومە لای حکومداری شاری سلێمانی کـاك عومـەر فـەتاح هەر سەرم سووڕما کە ژوورەکـەی پـڕ بـوو لـەپڕو پیرێـژنو زۆربەیان هەر بۆ داوای چـەند دەبەیـەکی (غـاز) هـاتبوون.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەدەرەوەی شارەكان هیچ دیمەنێكی پاراستنی ئەم دەسكەوتە نەبوو هەر چەنێك من ئاگاداری پیلانی حكومەتم بۆ كردن كە هێزێكی زۆرو پڕچەك دەیەوێت كوردستان داگیر بكاتەوە، هیچ كردەوەیەكی بەرگریو پاراستنی وڵات نەكرا. من پێشم ووتن: راستە تانكو تۆپێكی زۆر دێتە سەر كوردستان، بەڵام چەك لەخۆیەوە ناجەنگێت سەرباز دەیجەنگێنێت، سەربازیش بێ تواناو ماندووە، دەتوانرێت ئەم هێرشە پووچ بكاتەوە. بەڵام لەمیكرۆفۆنەكانەوە هەر سرود دەخوێنرا. میللەت ئاگادار نەدەكرا كەچی لەپێشەوەیە.

3ـــ لەوكۆبوونەوەم لە (سەلاحەدین) لەگەڵ سەركردەكانی بەرەی كوردستانیدا، هیچ باس لەوە نەدەكرا كە چۆن ئەو هێرشەی حكومەت راگرن. داوایان لەمن كرد، كە بەزووترین كات بگەڕێمەوە بەغداو داوای گفتوگۆی ئاشتی بكەم. نەیاندەزانی سەدام حوسێن ئەگەر بەجۆرێكی ئاشتیانە گفتوگۆیش بكات، دەیەوێت لەهەڵویستی بەهێزیەوە بیكات. بەرەی كوردستانیش ئەوەندە پەلەی



مەكتەبی بیروهۆشیاری

ناردنی نوێنەر بوون بۆ بەغدا، لەپێش ئەوەی من رێگا بۆ ئەم ووتوێژە پاك كەمەوە، كاك مەسعود بارزانی بەدەستی یەكێكی سەر بە حكومەتو ئەندامی ئەنجومەنی تەنفیزی، غاندی محەمەد حسن دزەیی، بۆ ئەو مەبەستە نامەیەكی بۆ سەرەك كۆمار سەدام حوسین ناردبوو ئەم داوایەی لێ كردبوو.

من گەیشتمە بەغدا. لەماڵ ئاگاداریان كردم كە لەكۆشكی كۆمارییەوە چەند جارێك بۆ هەواڵی هاتنەوەم هاتبوون. من بەتەلەفون ئاگاداریانم كرد هاتومەوە ـ گورج ناردیان بە شوێنما هەر كە چومە ئەو جێگایانەی كۆشكەكەكانی سەدامی لێ بوون، هەمووی بەسەریەكدا روخابوون، دیار بوو ئەو هەموو موشەكو بۆمب بارانە بۆ كۆشكەكانی سەدامو بنكە سەربازیەكانو تێكدانی كارەباو رووخاندنی پردەكان بوو.

لەنزیك بەنگەڵەیەكی لەئەلەمنیۆم دروست كراو دایان بەزانم، بریتی بوو لەچوار ژووری بچوك. دوانیان بۆ سەدامو سكرتێرەكەیو داوانیش بۆ مەئمورانی كۆشكو

مەکتەبی بیروهۆشیاری

پارێزەرانی سەدام. سەدام بەگەرمی پێشوازی لێ کردمو پرسی چونت چۆن بوو؟ ئەنجامی چونمو ئامادە بوونیان بۆ ووتووێژ بۆ پێگەیاند. ووتی: ئەگەر نایانەوێ بێنە بەغدا، یان لەکوردستان یان لەدەرەوەی عێراق دەتوانین یەکتر ببینن. ئەگەریش دێنە بەغدا من عودەیو قوسەی دەنێرم لایان بن تاکو جەلالو مەسعود دەگەڕێنەوە.

ووتم: هیچ رەهێنێکیان ناوی ئەوان بڕوایان بە بەڵێنی جەنابتان هەیە. لەسەرەتاوە نوێنەرانێك بەرز دەینێرنو لەپاشان جەلالو مەسعودیش دێن. ئێستا جیهازێکم بدەنێ بەو جفرەیەی وەریگرتووە داوای ناردنی وەفدیان دەکەم داوام کرد شەڕ بوەستێنێ، چونکە شەڕو ئاشتی یەك ناگرن.

سەدام داوای کرد رۆژێك ماوەی بدەنێ بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوڕێیانی ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکات. بە گاڵتەوە ووتی: "نەك بڵێین سەدام دیکتاتۆرو بەبێ رای هاوڕێیانی دەجوڵێتەوە" ووتم: "دیکتاتۆری بۆ کردەوەی خێر چاوی لێ دەپۆشرێ".



مەکتەبی بیروهۆشیاری

سێ رۆژ چاوەڕوانم کرد دەنگی نەبوو. لەئێوارەی رۆژی سێیەم لەدەرگایدا، ووتی من غاندی محەمەد حسن دزەیم زەرفێك بەدەستیەوە بوو، ووتی "ئەمە وەڵامی سەرەك کۆمارە بۆ ئەو نامەیەی مەسعود بارزانی کە بەمندا ناردی بۆ سەرۆك جفرەت لایە بماندەرێ ئا ئەم نامەیەی بۆ دەینێرێن"، بەڕاستی زۆر پەست بووم لەهەردووك، لەسەدام، کە لەو سێ رۆژەدا شارەکانی کوردستان، کەرکوكو سلێمانیو هەولێرو دهۆکی داگیرکرد، بەڵام شارانی چۆڵ هۆڵو لەکاك مەسعودیش، کە بەپەلەو بە پەرۆش داوای گفتوگۆ دەکاتو ئەوەم بیرکەوتەوە کە لەسەلاحەدین چەند جارێك دووپاتی کردەوە کە ئەم شەڕەی کردیان، واتا راپەڕینی جەماوەری کورد، لەبناغەوە هەڵە بوو.

من بەڕەقی وەڵامی غاندیم دایەوە کە لەڕەوشتی مندا دوور بوو. وپێم وت: "ئەوان ئەم جفرەیەیان بە ئامانەت دامێ، نەیانووت بیدەرە موخابەراتی عێراقی!" و گەڕایەوە لەپاش سەعاتێك دووبارە خۆیو سەرەك تەشریفاتی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

کۆشکی کۆماری هاتن، سەرەك تەشریفات ووتی: "جەنابی سەرەك کۆمار خۆی جفرەکەی دەوێت" ووتم: "سەرەك کۆمار نوکتەی بەمن کرد، من بۆ ئاشتیو عیزەتو عەلی حەسن مجیدیش دەنێرێ بۆ شەڕو وێرانکردنی کوردستان. سەرەك کۆمار بەخۆی بێتە ئێرە جفرەکەی نادەمێ". بەدلگیری گەڕایەوە.

رەمەزان بوو بە رۆژو بووم. پاش ئیفتارو سەرەك تەشریفان هاتەوەو زۆر بەبێ ئوسولی ووتی: "جل لەبەرکە، سەرەك کۆمار داوا دەکا:. ووتم: "بە رۆژو بوومو ماندوم ناتوانم بێم گەلێك تەقەلای دا قایل نەبووم.

گەڕایەوەو لەپاش سەعاتێك هاتەوە ووتی: "سەرۆك سەلامت لێ دەکات، دەڵێن، مادام ماندوو بەیانی سەعات دە دەنێرمە شوێنی. ووتم: بەسەرچاو".

بۆ رۆژی دیاریکراوە هاتنە دوام بەناو دارستانێکی زۆردا بردیانم. تاکو گەیشتینە جێگاکەی سەدام بڕوام نەدەکرد بە زیندویی دەگەڕێمەوە. سەدام هەر وەکو جاران بە روو گەشییەوە پێشوازی لێ کردمو ووتی: هەمووقسەکانتان



مەکتەبی بیروهۆشیاری

بۆم گێڕایەوە هەندێ لەبرادەرانم توڕە بوون ووتیان دەبێ سنورێك بۆ ئەم سەر کێشەیی دانرێت، ووتم: من دەزانم، ئامادەیە بۆ پاراستنی ئەو ئەمانەتە سەری دانێت. ئەمە رەوشتێکی باشە، من دڵنیام ئەگەر ئێمەش ئەمانەتێکی وای بدەینێ، دەیپارێزێتو بەکەمی نادات.

وەڵامی نامەی کە بۆ کاك مەسعودیان ناردبوو دایمێ. ووتی: بزانە برات چییە. نامەکە پێنج لاپەڕە بوو. چوارو نیوی جنێوو تاوان کردنیان نۆکەری ئیستعماریان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەیە نوێنەرانیان قەبوڵ بکات ووتم: من رام ئەوەیە ئەگەر نەتانناردووە بیگوڕنو ئەگەریش ناردوتانە،داوا بکەن کە چوار لاپەڕەکە پێشەوە چاوی لێ بپۆشنو ئامادەن بۆ ووتووێژ. ناوی نوێنەرانی بەدەستەوە بوو ووتی: جرجیس ناوێکی تێدایە، ئایا ئەمە نوێنەرە پارتی کۆمۆنیست (جرجیس فتح لله) یە؟

ووتم: (جرجیس فتح اللە) کۆمۆنیست نیە. ناشزانم ماوەیان نا ئەمە جرجیس بارزانییە. ئەندامی مەکتەبی

سیاسی پارتیو شهادەی دکتۆرای هەیە. ووتی: ئێمە نامەکەمان ناردو ئەوانیش بەرێکەون.

بەڕاستی بەرامبەر ئەو دەست درێژیەی حکومەتو ئەم دانەداندن (تنازل)ە بەرەی کوردستانی بەم جۆرە هاتنەیان زۆرم پێ ناخۆش بوو. هەر بەهۆی لوت بەرزی کاربەدەستانی حکومەتو سەدام حوسین، لەپاش گەڕانەوەی ئەم وەفدە، وەفد لەدوای وەفد، بەسەرۆکیاتی بەڕێزان مام جەلالو مەسعود بارزانی، چوار مانگ ووتووێژکردن، کاربەدەستانی حکومە، عیزەت دوریو تاریق عەزیزو عەلی حەسن مەجید، هیچ بەهیچ نەکرا. ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەی (تطبیع الوضع کردستان = ئاسای کردنی بارودۆخی کوردستان) لەسەر هەموو بەڵێنێکی حکومەت ووشەی (ان امکن = ئەگەر بتوانرێ بکرێت)وای کردبوو کە حکومەت لەداهاتودا هیچی جێبەجێ نەکاتو ڕێککەوتنیش لەسەر پەرەسەندنی یاسای ئۆتۆنۆمی هەنگاوێك بۆ پێشەوەو دوو هەنگاو بۆ



پاشەوە بوو ـ لەبەرئەوە. کە رای جەماوەرو کورد وەگیرا، پێی قایل نەبوو.

لەو بارودۆخەدا کێشەی کورد خرابووە دوای یاری دەوڵەتە ئیستعماریەکان ـ لەکاتی ووتوویژ لەنێوان هەردوو وەفد، کاك مەسعود بارزانی داوای دەکرد کە حکومەت یارمەتی کوردان بدات، بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە لەدوای یاری نێودەوڵەتان رزگاربکرێت، لەکاتی ووتوویژدا وەکو پارانەوە ووتی: یا اخوان ساعدونا لأخراج القضية الكرديةاللعبة الدولية". واتا، ئەی برایان یارمەتیمان بدەن بۆ ئەوەی کێشەی کورد لەباری نێو دەوڵەتان دەربێنن. لەمەدا قسەکەی کاك مەسعود بارزانی زۆر رەوا بوو، بەڵام داوای لەیەکێك دەکرد، کە نەیدەویست کێشەی کورد بکەوێتە دەستی کورد.

مام جەلالیش هەردووپاتی دەکردەوە، کە "دەوڵەتە گەورەکان لەپاش ئەوەی هەڵاتنو شکستێکی سەربازی بۆمان رێکخست، ووتیان ئینجا بچنە بەغدا بۆ ووتووێژکردن لەگەڵ سەدام حسین" بەڵام ئایا دەیانەویست



مه کته‌بی بیر وهۆشیاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئـەم ووتوویـێژە سـەر بگرێـت؟! نەوەاللـە هـەیتا هـەیتا لـە (فـورن سـرقس)ی بەریتانیـەوە دەیـانکردە سـەریان، کـە رێکنەکەون‌و بگەڕێنەوە کوردستانی ئازادی لەدەست چوو. هەموو ئەمانـەیان دەزانـی، بـەڵام بوونـە داوی ئـەم یارییـە نێودەوڵەتانـەو هـەردوولا بەشـداری ئەنـدامێکی بـە تەجربـەی وەکـو حیزبـی شـیوعییان فـەرامۆش کـرد، کوردەکـان وایـان دەزانـی حیزبـی شـیوعی لەبـەر مـافی دیموکراسـی بـۆ هـەموو عێـراق، رەنگـە تەگـەرە بخەنـە چارەکردنی کێشەی کورد سـەدام حوسـێنیش نەیدەویـست کێشەی کـورد بێتـە کێشەیەکی عێراقی، ئەگـەر زۆری لـێ کرا هەندێ مافی نەتەوەیی کورد بدات. ئەمە نەبێتە هۆی بـێ دەسەڵاتی ئەو دوای عێراق.

کوردستان بەوە ئازاد نەبوو بەڵام هەنگاوێکی زۆر گرنگ بـۆ فێربـوونی جـەماوەر، کـە دەتـوانی، لەدەرفـەتێکی تـردا کوردستان ئازاد بکات.

مه کته‌بی بیروهۆشیاری

# بلآوكراوةكانى مةكتةبى بيروهؤشيارى (ى. ن. ك)
# 2008 -2007

| | | | |
|---|---|---|---|
| 210 | عیراق، سەردەمی ساغ بوونەوە | بەکر صدیق | 2007 |
| 211 | تیرۆرو سەقامگیری سیاسیو چەند لێکۆڵینەوەیەکە تر | بەکر صدیق | 2007 |
| 212 | کەرکوك بۆ مێژوو دەدوێت | سەرپەرشتیار/ مامۆستا جەعفەر | 2007 |
| 213 | دەستورو ژن | و: کامیل محەمەد قەرەداخی | 2007 |
| 214 | ژان ژاك رۆسۆ | کاوە جەلال | 2007 |
| 215 | مبدآ الفصل بين السلطات و وحدتها | القاضي / لطيف مصطفى أمين | 2007 |
| 216 | بنچینەکانی کورد | ن. ڤلادیمێر مینۆرسکی<br>و. نەجاتی عەبدوڵڵا | 2007 |
| 217 | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | کارزان محەمەد | 2007 |
| 218 | کەرکوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا | گۆران سالّح | 2007 |
| 219 | زمانە فەرمیەکان | تاریق جامباز | |
| 220 | ئەنفالو دادگا | سالار مەحمود | 2007 |
| 221 | نۆڤین _ 10 _ | ـ | 2007 |
| 222 | الكرد | د.نوری تاڵەبانی | 2007 |
| 223 | هەڵۆی سوور (چاپی دووەم) | مامۆستا جەعفەر | 2007 |
| 224 | مام جەلال | مامۆستا جەعفەر | 2007 |
| 225 | المدخل الى القانون الدولي الانساني | جبار سعيد محي الدين | 2007 |
| 226 | الكُرد اليوم | ت: غسان نعسان | 2007 |
| 227 | سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا | و: ئاوات عەبدوڵڵا | 2007 |
| 228 | ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەزانستی سیاسیدا | ئیسماعیل شێخ موراد | 2007 |
| 229 | ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان | و. کارزان عومەر | 2007 |



مه کته‌بی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| 230 | تیرۆر | هیمداد مەجید عەلی | 2007 |
| 231 | گەنجە کوردەکان | فەرهاد پیرباڵ | 2007 |
| 232 | بەعسیزم و کورد | سۆزان کەریم مستەفا | 2007 |
| 233 | بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکان | محەمەد فاتح | 2007 |
| 234 | شاری کەرکوك | پشکۆ حەمە تاهیر | 2007 |
| 235 | میرعەبدال خانی بدلیس | بوار نورەدین | 2007 |
| 236 | فەلسەفە ـ ڕۆشنگەری، فێندەمێنتالیزم | و. شوان ئەحمەد | 2007 |
| 237 | عێراق، قەیرانی ئاسایشو ستراتیژێتیو بنیاتنانەوەی | فەرزەند شێرکۆ | 2007 |
| 238 | نۆڤین ژمارە ـ 11 ـ | - | 2007 |
| 239 | الحقوق السياسية للكورد فى الدول التى تضم كردستان | ليلاف حمد أمين عزيز | 2007 |
| 240 | مێژووی شۆرشی ڕوسیا | لێون ترۆتسکی<br>و. عەزیز ئالانی | 2007 |
| 241 | دەروناسی جەماوەری فاشیزم | ویلهلم رایش<br>و. هەژار جوانڕیی | 2007 |
| 242 | جاش و جینۆساید | مەحمود سەنگاوی | 2007 |
| 243 | زارا ـ عەشقی شوان | محەمەدی قازی<br>و. عەزیز گەردی | 2007 |
| 244 | پوختە باسێك دەربارەی سۆسیال دیموکراتی | زانا | 2007 |
| 245 | تأريخ تركيا المعاصر | ت. د. هاشم صالح تكريتي | 2007 |
| 246 | لەگۆڕەپاندا | و. ساروز ئەفروزی | 2007 |
| 247 | نۆڤین ـ12ـ | ـ | 2007 |
| 248 | المنطقة المتنازع عليها | د.خليل اسماعيل محمد | 2007 |
| 249 | فەلسەفەی سۆسیال دیموکراتی | د. حەمید عەزیز | 2007 |
| 250 | سۆسیال دیموکراتی | مامۆستا جەعفەر | 2007 |
| 251 | هەرێمی کوردستان و تورکیا | مامۆستا جەعفەر | 2008 |
| 252 | پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدی | عوسمان حەمە رەشید گورون | 2008 |

مەکتەبی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| 253 | جلال طالباني رجل القرار | حوار الفضائية العراقية | 2008 |
| 254 | لەكییە هاردیەوە بۆ گۆردن براون | سلێمان عەبدوڵڵا | 2008 |
| 255 | دەسەڵاتی دادوەری | گۆران ئازاد حمە گەمحان | 2008 |
| 256 | جەنگی دەروونی | ئاراس فەریق زەینەڵ | 2008 |
| 257 | كركوك بموجب احصاء عام 1957 | قسم البحوث واستطلاعات الرأي | 2008 |
| 258 | مام جەلال جێگری سەرۆكی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال (ی. ن. ك) ئەندامی هەمیشەیی | مەكتەبی بیروهۆشیاری | 2008 |
| 259 | گۆڤاری نۆڤین ـ 13 ـ | ـ | 2008 |
| 260 | پرۆژەی قانونی بەگژدا چونەوەی گەندەڵی | كاوسێن بابەكر | 2008 |
| 261 | دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان | د. ئەنوەر محەمەد فەرەج | 2008 |
| 262 | كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الأوسط | تأليف: فاضل رسول<br>ترجمة: غسان نعسان | 2008 |
| 263 | ئاشنا بوون بە سۆسیال دیموكراتی | كارزان كاوسێن | 2008 |
| 264 | جیهانێكی دادپەروەر شیاوە | كارزان كاوسێن | 2008 |
| 265 | لێپرسراوێتیو خۆشگوزەرانی هاوبەش | كارزان كاوسێن | 2008 |
| 266 | پێبەپێی مێژوو بەرەوبەهەشت | كاوسێن بابەكر | 2008 |
| 267 | كردستان والحقوق القومية للتركمان | د. مكلام الطالباني | 2008 |
| 268 | قەیرانەكانی دیموكراسی | راڵف دارن دۆف<br>و. لەئەڵمانیەوە:ئیسماعیل حمەئەمین | 2008 |
| 269 | قضية إبادة الأرمن امام المحكمة أو قضية طلعت باشا | ت. عن الألمانية: غسان نعسان<br>مراجعة: ماموستا جعفر | 2008 |
| 270 | ئیرلەندای باكوور | سلێمان عەبدوڵڵا یونس | 2008 |
| 271 | ناوچەكانی ململانێ لەنێوان كوردو حكومەتەكانی عێراقدا | هەورامان كەمال میرزا عەبدوڵڵا<br>تاریق رەئوف محەمەد | 2008 |



مەکتەبی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| 272 | نوروز عيد الأمجاد ومغفرة الأحفاد | د.أحمەد عبدالعزيز محمود | 2008 |
| 273 | الكرد في كتاب تجارب الأمم وتعاقب الهمم | د.أحمد عبدالعزيز محمود | 2008 |

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.